له بڵاوكراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# ئایا
# لەم دەرگایەت داوە ؟

( پاڕانەوە لە خوای پەروەردگار )

## هل طرقتَ هذا الباب ؟

ئامادەكردن و وەرگێڕانی
محمد عبد الرحمن لطيف
وتـارخوێنی مزگەوتی (شێخ إبراهيم) / كەلار

چاپی هەژدەیەم ١٤٣٨ كۆچی

---

ماڵپەری بەهەشت
ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لە پێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

## * پێشەکی :

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ ، وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا ، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

أَمَّا بَعْدُ : فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ ، وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) ، وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

خوێنەری بەڕێز : پێش چەند ساڵێك ناميلكەيەكم ئامادەكرد بۆ ئەو موسڵمانانەی كەوا بە مەبەستی (**عومرە و حەج كردن**) دەچن بۆ مەككەی پیرۆز كە بە شێوازێكی زۆر پووخت و ئاسان چۆنێتی (**عومرە و حەج كردن**)ی هەنگاو هەنگاو تێدا باس كرابوو بەشێوەيەك كەوا هەموو كەسێكی خوێندەوار پێی سوودمەند بێت ..

بەڵام ئەوە تەنها بریتی بوو لە ڕێنمايی و هەنگاوەكانی چۆنێتی ئەنجامدانی (**عومرە و حەج كردن**) ، جا لەبەر گەورەيی ئەم دوو جۆرە پەرستنە و پیرۆزی مەككە و كەعبە و گیرابوونی دوعا و پاڕانەوە تێيدا

هەندێك لە موسڵمانان پێشنیاری ئەوەیان بۆم كرد كەوا هەستم بە كۆكردنەوەی ئەو ئایەتانەی قورئان و هەڵبژاردەیەك لە فەرموودەكانی پێغەمبەر (ﷺ) كە بە شێوازی دوعا و پاڕانەوە هاتوون و پاشان وەریانبگێڕمە سەر زمانی كوردی بۆ ئەوەی موسڵمانانی كورد زمانیش بتوانن لەوێ وەكو هەموو گەلانی تر بە زمانەكەی خۆیان بە دوعاكانی قورئان و سوننەت لە خوای گەورە بپاڕێنەوە .

سوپاس بۆ خوای گەورە لەسەر ئەو پێشنیار و داواكاریە نامیلكەیەكی ترم ئامادەكرد بە ناونیشانی (**هەندێك دوعای پڕ مەعنا و گشتگیر لە قورئانی پیرۆز و فەرمووده صەحیحەكاندا**) بۆ جاری یەكەم چاپ كرد ..

بەڵام وام بە باش زانی بۆ چاپی دووەم بە شێوازێكی ڕێكتر و ئاسانتر و لەگەڵ زیاد كردنی (**ئادابەكانی دوعا و هۆكارەكانی گیرابوون و وەڵامدانەوەی**) و (**ئەو كات و حاڵەت و شوێنانەی كەوا دوعایان تێدا گیرادەبێت**) لە ژێر ناونیشانی (**ئایا لەم دەرگایەت داوە ؟**) چاپی بكەمەوە .

داواكارم خوای گەورە بیكات بە توێشوو بۆم بۆ قەبر و قیامەتم ، وە بە ئومێدی ئەوەش كە ئێوەی خوێنەریش لە دوعای خێر بێبەشمان نەكەن .

ئامادەکار

محمد عبد الرحمن لطیف

٢١ / ذو القعدة / ١٤٣٠ ك

کوردستان / کەلار

## * ئایا ئەم ڕێگایەت تاقیکردووەتەوە ؟

ـ ئەی ئەو کەسەی کە دەتەوێت بکەویتەسەر ڕێگای ڕاست و چاکە کاری : **ئایا لەم دەرگایەت داوە ؟**

ـ ئەی ئەو کەسەی کە دەتەوێت ئاسوودە و بەختەوەر بیت : **ئایا لەم دەرگایەت داوە ؟**

ـ ئەی ئەو کەسەی کە کێشە و گرفتی دەروونیت هەیە و دەتەوێت چارەسەر بێت : : **ئایا لەم دەرگایەت داوە ؟**

ـ ئەی ئەو کەسەی کە دەتەوێت لە ئیش و کارەکانتدا سەرکەوتوو بیت : **ئایا لەم دەرگایەت داوە ؟**

ـ ئەی ئەو کەسەی کە نەخۆشیت و دەتەوێت چاك بیتەوە : **ئایا لەم دەرگایەت داوە ؟**

ـ ئەی ئەو کەسەی کە مندالّت نابێت و دەتەوێت چاوەکانت ئۆقرە بگرێت بە بینینی کۆرپەلەیەکی خۆت : **ئایا لەم دەرگایەت داوە ؟**

ـ ئەی ئەو کەسەی کە تا ئێستا زەواجت نەکردووە و دەتەوێت بڕۆیتە نێو مالّی خۆت : **ئایا لەم دەرگایەت داوە ؟**

ـ ئـەی ئـەو کەسـەی کـە دەتـەوێت فـەڕ و بەرەکـەت بکەوێتـە نێـو ڕزق و ڕۆزیتەوە : **ئایا لەم دەرگایەت داوە ؟**

ـ ئەی ئەو کەسەی کە ...

ـ ئەی ئەو کەسەی کە ... **ئایا لەم دەرگایەت داوە ؟**

ـ ئەی ئەو کەسەی کە ...

## * هەندێك لە دوعا گشتگیرەکانی قورئانی پیرۆز :

﴿رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِي ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٗ وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ حَسَنَةٗ وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ﴾ .

ئـەی پـەروەردگارمان لـە دونیـادا چـاکەمان بـدەرێ و لـە دواڕۆژیش چاکەمان بدەرێ و بشمانپارێزە لە سزای ئاگر .

﴿رَبَّنَآ أَفۡرِغۡ عَلَيۡنَا صَبۡرٗا وَثَبِّتۡ أَقۡدَامَنَا وَٱنصُرۡنَا عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾ .

ئـــەی پـــەروەردگارمان ئـــارامگرتن برِێـــژە بەســـەرماندا و پێكانیشـــمان جـێگیر بكـە و سەریشـمان بخـە بـە سـەر گـەلی بێباوەڕاندا .

﴿رَبَّنَا وَءَاتِنَا مَا وَعَدتَّنَا عَلَىٰ رُسُلِكَ وَلَا تُخْزِنَا يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۗ إِنَّكَ لَا تُخْلِفُ ٱلْمِيعَادَ﴾ .

ئـەی پـەروەردگارمان ئـەوەی كـە بـەڵێنت پێـداوین لـە ڕێـی پێغەمبەرەكانتەوە بماندەرێ و لە ڕۆژی قیامەتیشدا سەرشۆڕمان مەكە بەڕاستی تۆ بەڵێن ناشكێنیت و دوای ناخەیت .

﴿رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَآ إِن نَّسِينَآ أَوْ أَخْطَأْنَا ۚ رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ عَلَيْنَآ إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِنَا ۚ رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِۦ ۖ وَٱعْفُ عَنَّا وَٱغْفِرْ لَنَا وَٱرْحَمْنَآ ۚ أَنتَ مَوْلَىٰنَا فَٱنصُرْنَا عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ .

ئەی پەروەردگارمان ئەگەر لەبیرمانچو یان هەڵەمان کرد ئـەوا لێمان مەگرە ، پەروەردگارمان نارەحەتی مەدە بەسەرماندا وەکو چۆن دابوت بەسەر ئەوانەی پێش ئێمەدا ، پەروەردگارمان شـتێك مەدە بەسـەرماندا کـە لـە تواناماندا نـەبێت ، وە لێـمـان ببـورە و لێمانیش خۆشبە و رەحممان پێ بکە تـۆ پشـت و پـەنامانی بۆیـە سەرمان بخە بە سەر گەلی بێباوەڕاندا .

﴿رَبَّنَا لَا تُزِغْ قُلُوبَنَا بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا وَهَبْ لَنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً ۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْوَهَّابُ﴾ .

ئەی پەروەردگارمان دڵەکانمان لامەدە لە ڕێگای ڕاسـت دوای ئـەوەی کـە ڕێنماییـت کـردین بـۆی ، وە لـە لایـەن خۆتـەوە ڕەحمەتمان پێ ببەخشە بەڕاستی تۆ بەخشندەیت .

﴿رَبَّنَآ ءَامَنَّا بِمَآ أَنزَلْتَ وَٱتَّبَعْنَا ٱلرَّسُولَ فَٱكْتُبْنَا مَعَ ٱلشَّٰهِدِينَ﴾ .

ئـەی پـەروەردگارمان ئێمـە باوەڕمـان هێنـا بـەوەی کـە داتبەزانـدووە و شـوێنی پێغەمبـەریش کـەوتین بۆیـە لەگـەڵ شایەتومان هێنەراندا بمان نووسە .

﴿رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا ذُنُوبَنَا وَإِسۡرَافَنَا فِيٓ أَمۡرِنَا وَثَبِّتۡ أَقۡدَامَنَا وَٱنصُرۡنَا عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡكَٰفِرِينَ﴾ .

ئـەی پـەروەردگارمان لـە تاوانـەکانمان و ڕۆچـونمان لـە کاروبارماندا خۆشبە و پێکانیشمان جێگیر بکە و سەریشمان بخە بە سەر گەلی بێباوەڕاندا .

﴿رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا وَلِإِخۡوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَا تَجۡعَلۡ فِي قُلُوبِنَا غِلّٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٞ رَّحِيمٌ﴾ .

ئەی پەروەردگارمـان خۆشبە لە ئێمە و ئەو برایانەشـمان کە پێشمان کەوتوون بە ئیمان وە ڕق و کینە نەخەیتە نـاو دڵمانـەوە

بەرامبەر بە ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە ، ئـەی پـەروەردگارمان بەڕاستی تۆ بە بەزەیی و بە ڕەحمیت .

﴿رَّبَّنَآ إِنَّنَا سَمِعۡنَا مُنَادِيٗا يُنَادِي لِلۡإِيمَٰنِ أَنۡ ءَامِنُواْ بِرَبِّكُمۡ فَـَٔامَنَّاۚ رَبَّنَا فَٱغۡفِرۡ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرۡ عَنَّا سَيِّـَٔاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ ٱلۡأَبۡرَارِ﴾ .

ئەی پەروەردگارمان بەراستی ئێمە بیستمان بانگەوازکارێك بانگ دەکات بۆ باوەڕهێنان و دەڵێت باوەڕ بێنن بە پەروەردگارتان ئێمەیش باوەڕمان هێنا جا لە بەر ئەوە لە تاوانەکانمان خۆشبە و خراپەکانمان بسڕەوە و لەگەڵ چاکەکاراندا بمانمرێنە .

﴿رَبِّ ٱجۡعَلۡنِي مُقِيمَ ٱلصَّلَوٰةِ وَمِن ذُرِّيَّتِيۚ رَبَّنَا وَتَقَبَّلۡ دُعَآءِ ٤٠ رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لِي وَلِوَٰلِدَيَّ وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ يَوۡمَ يَقُومُ ٱلۡحِسَابُ﴾ .

ئەی پەروەردگارم خۆم و نەوەکانم بگێڕە لەو کەسانەی کە نوێژ دەکەن بە ڕێکی ، ئەی پەروەردگارمان دوعا و پاڕانەوەم گیرابکە ﴿٤٠﴾ ئەی پەروەردگارمان خۆشبە لە تاوانەکانی خۆم و باوك و دایکم و باوارداران لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا .

﴿رَبَّنَا وَسِعۡتَ كُلَّ شَيۡءٖ رَّحۡمَةٗ وَعِلۡمٗا فَٱغۡفِرۡ لِلَّذِينَ تَابُواْ وَٱتَّبَعُواْ سَبِيلَكَ وَقِهِمۡ عَذَابَ ٱلۡجَحِيمِ ٧ رَبَّنَا وَأَدۡخِلۡهُمۡ جَنَّٰتِ عَدۡنٍ ٱلَّتِي وَعَدتَّهُمۡ وَمَن صَلَحَ مِنۡ ءَابَآئِهِمۡ وَأَزۡوَٰجِهِمۡ وَذُرِّيَّٰتِهِمۡۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ﴾ .

ئەی پەروەردگارمان فراوانی ڕەحمەت و زانستی تۆ هەموو شتێکی گرتووەتەوە جا لە بەر ئەمە خۆشبە لەوانەی کە تەوبەیان کردووە و شوێنی ڕێگاکەی تۆ کەوتوون و بیانپارێزە لە سزای دۆزەخ ، پەروەردگارمان بیانخەرە ناو ئەو باخچەیەی بەهەشت کە بەڵێنت پێداون خۆیان و ئەوانەش کە چاك دەبن لە

باووباپیرانیـــان و خێزانــەکانیان و نـــەوەکانیان بەڕاســـتی تـــۆ بەدەسەڵات و دانایت .

﴿رَبَّنَا ظَلَمۡنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمۡ تَغۡفِرۡ لَنَا وَتَرۡحَمۡنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ﴾

ئەی پەروەردگارمان ئێمە ستەممان کرد لە خۆمان جا ئەگـەر تۆ لێمان خۆشنەبیت و ڕەحمان پێ نەکەیت ئەوا بەدڵنیایی دەبین بە بەشێك لە خەسارۆمەندان .

﴿رَبَّنَا ٱفۡتَحۡ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَ قَوۡمِنَا بِٱلۡحَقِّ وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلۡفَٰتِحِينَ﴾ .

ئەی پەروەردگارمان بەینی ئێمـە و گەلەکـەمان بکـەرەوە بـە حەق ، تۆ باشترینی بەین کەرەوەکانی .

﴿رَبَّنَا لَا تَجۡعَلۡنَا فِتۡنَةً لِّلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ .

ئەی پەروەردگارمان نەمانکەیتە جێی تاقیکردنەوە بۆ گەلی ستەمکاران .

﴿رَبَّنَا لَا تَجۡعَلۡنَا فِتۡنَةٗ لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ وَٱغۡفِرۡ لَنَا رَبَّنَآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ﴾ .

ئەی پەروەردگارمان نەمانکەیتە تاقیکردنەوە بۆ ئەوانەی کە کوفریان کردوو و لێمان خۆشبە پەروەردگارمان بەڕاستی تۆ بەدەسەڵات و دانایت .

﴿رَبَّنَآ ءَامَنَّا فَٱغۡفِرۡ لَنَا وَٱرۡحَمۡنَا وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلرَّٰحِمِينَ﴾ .

ئەی پەروەردگارمان ئێمە باوەڕمان هێنا جا لە بەر ئەوە لە تاوانەکانمان خۆشبە و بەزەیت پێماندا بێتەوە تۆ باشترینی بە بەزەییەکانیت .

﴿رَبَّنَآ ءَاتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحۡمَةً وَهَيِّئۡ لَنَا مِنۡ أَمۡرِنَا رَشَدًا﴾ .

ئەی پەروەردگارمان لە لایەن خۆتەوە ڕەحمەتمان پێ ببەخشە و هۆشمەندیمان بۆ بڕەخسێنە لە کاروبارماندا .

﴿رَبَّنَا هَبۡ لَنَا مِنۡ أَزۡوَٰجِنَا وَذُرِّيَّٰتِنَا قُرَّةَ أَعۡيُنٖ وَٱجۡعَلۡنَا لِلۡمُتَّقِينَ إِمَامًا﴾ .

ئەی پەروەردگارمان پێمان ببخشە لە خێزانەکانمان و وەچەکانمان ئەوەی کە چاوەکانمان پێی ئۆقرە بگرێت و بمانکەرە پێشەوا بۆ خۆپارێزەران لە تاوان .

﴿رَبَّنَآ أَتۡمِمۡ لَنَا نُورَنَا وَٱغۡفِرۡ لَنَآۖ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ﴾ .

ئەی پەروەردگارمان ڕووناکی باوەڕمان بۆ کامڵ کە و لێمان خۆشبە بەڕاستی تۆ توانات بە سەر هەموو شتێکدا هەیە .

﴿رَبَّنَا ٱصۡرِفۡ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَۖ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا﴾ .

ئەی پەروەردگارمان سزای دۆزەخمان لێ دوور بخەرەوە بەڕاستی سزاکەی سەخت و ناڕەحەتە .

﴿رَبَّنَا تَقَبَّلۡ مِنَّآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ﴾ .

ئەی پەروەردگارمان لێمانی قبوڵ بکە بەڕاستی تۆ بیسەر و زانایت .

ـ اللهُمَّ ﴿لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبۡحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ .

خوایە هیچ پەرستراوێك نیە شایستەی پەرستن بێت تەنها تۆ نەبێت پاکی بۆ تۆ خوایە لە هەموو کەمی و نوقوسانیەك بەڕاستی من یەکێکم لە ستەمکاران بۆیە لێم خۆشبە .

ـ اللهُمَّ حَبِّبْ إِلَيْنا الْإِيمَانَ وَزَيِّنْهُ فِي قُلُوبِنا ، وَكَرِّهْ إِلَيْنا الْكُفْرَ وَالْفُسُوقَ وَالْعِصْيَانَ وَاجْعَلْنَا من الرَّاشِدِين .

خوایە ئیمان خۆشەویستکە لە لامان و بیڕازینەوە لە دڵەکانماندا ، وە بێباوەڕی و لە ڕێدەرچوون و تاوان کردن ببێزێنە لە لامان ، وە بمانکەرە بەشێك لە هۆشمەند و ژیرەکان .

*** هەندێك لە دوعا گشتگیرەکانی نێو فەرموودە صەحیحەکان :**

((اللَّهُمَّ أَنْتَ الْمَلِكُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ ، أَنْتَ رَبِّي وَأَنَا عَبْدُكَ ، ظَلَمْتُ نَفْسِي وَاعْتَرَفْتُ بِذَنْبِي فَاغْفِرْ لِي ذُنُوبِي جَمِيعًا إِنَّهُ لَا يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا أَنْتَ ، وَاهْدِنِي لِأَحْسَنِ الْأَخْلَاقِ لَا يَهْدِي لِأَحْسَنِهَا إِلَّا أَنْتَ ، وَاصْرِفْ عَنِّي سَيِّئَهَا لَا يَصْرِفُ عَنِّي سَيِّئَهَا إِلَّا أَنْتَ ، لَبَّيْكَ وَسَعْدَيْكَ ، وَالْخَيْرُ كُلُّهُ فِي يَدَيْكَ ، وَالشَّرُّ لَيْسَ إِلَيْكَ ، أَنَا بِكَ وَإِلَيْكَ ، تَبَارَكْتَ وَتَعَالَيْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ)) .

خوایە تۆ پادشایت و هیچ پەرستراوێك نییە شایستەی پەرستن بێت تەنها تۆ نەبێت ، تۆ پەروەردگاری منیت و منیش بەندەی تۆم ، ستەمم لە خۆم کردووە و دانیش دەنێم بە تاوانەکانمدا بۆیە لە هەموو تاوانەکانم خۆشبە بەڕاستی هیچ

کەسێك نیە لە تاوانەکان خۆشبێت تەنها تۆ نەبێت ، وە ڕێنماییم بکە بۆ باشترین ڕەوشت کەس ناتوانێت ڕێنمایی بکات بۆ باشترین ڕەوشت تەنها تۆ نەبێت ، وە ڕەوشتی خراپم لێ‌دوور بخەرەوە کەس ناتوانێت ڕەوشتی خراپم لێ‌دوور بخاتەوە تەنها تۆ نەبێت ، خوایە وەڵامی تۆ دەدەمەوە و داواکاریەکانت بەجێ‌دەگەیەنم و گوێڕایەڵیت دەکەم ، خوایە هەموو خێرێك لە دەستی تۆ دایە و خراپەیش نادرێتە پاڵ تۆ ، خوایە من بە تۆ دەژیم و بۆ تۆیش دەژیم ، هەموو کارەکانت پڕ بەرەکەتن و دووریت لە هەموو کەم و کورییەك ، خوایە داوای لێخۆشبوونت لێدەکەم و لای تۆ تەوبە دەکەم .

((اللَّهُمَّ اجْعَلْ فِي قَلْبِي نُوراً ، وَفِي لِسَانِي نوراً ، وَفِي سَمْعِي نوراً ، وَفِي بَصَرِي نوراً ، وَمِنْ فَوْقِي نوراً ، وَمِنْ تَحْتِي نوراً ، وَعَنْ يَمِينِي نوراً ، وَعَنْ شِمَالِي نوراً ، وَمِنْ بَيْنِ يَدَيَّ نوراً ، وَمِنْ خَلْفِي نوراً ، وَاجْعَلْ فِي نَفْسِي نوراً ، وَأَعْظِمْ لِي نوراً)) .

خوایە روناکی بخەرە نێو دڵمەوە ، وە روناکی بخەرە نێو زمانمەوە ، وە روناکی بخەرە نێو بیستنمەوە ، وە روناکی بخەرە نێو بینینمەوە ، وە سەرەوەم روناك کەرەوە ، وە ژێرەوەم روناك کەرەوە ، وە روناکی بخەرە لای ڕاستمەوە ، وە روناکی بخەرە لای چەپمەوە ، وە روناکی بخەرە پێشمەوە ، وە روناکی بخەرە بشتمەوە ، وە روناکی بخەرە نێو ناخ و دەروونمەوە ، خوایە روناکیم بۆ گەورەکەرەوە .

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ فِعْلَ الْخَيْرَاتِ ، وَتَرْكَ الْمُنْكَرَاتِ ، وَحُبَّ الْمَسَاكِينِ ، وَأَنْ تَغْفِرَ لِي وَتَرْحَمَنِي ، وَإِذَا أَرَدْتَ فِتْنَةَ قَوْمٍ فَتَوَفَّنِي غَيْرَ مَفْتُونٍ ، وَأَسْأَلُكَ حُبَّكَ وَحُبَّ مَنْ يُحِبُّكَ ، وَحُبَّ عَمَلٍ يُقَرِّبُ إِلَى حُبِّكَ)) .

خوایە من داوای ئەنجامدانی چاکەکانت لێدەکەم ، وە داوای وازهێنان لە خراپەکانت لێدەکەم ، وە داوای خۆشەویستی هەژارانت لێدەکەم ، وە داوات لێدەکەم لێمخۆش بیت و

بـەزەیت پێمـدا بێتـەوە ، وە ئەگـەر ویسـتت خـەڵكانێك تووشـی تاقیكردنەوە بكەیت ئەوا بممرێنە بە بێ تووشبوونم بە فیتنە ، وە داوای خۆشەویسـتنی خۆتـت لـێدەكەم وە خۆشەویسـتنی ئـەو كەسانەی كە تۆیان خۆش دەوێت ، وە خۆشەویستنی كردەوەیەك كە نزیك كەرەوە بێت بۆ لای خۆشویستنی تۆ .

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْهُدَى وَالتُّقَى وَالْعَفَافَ وَالْغِنَى)) .

خوایە من داوای هیدایەت و خۆپاراستن لە تـاوان و پـاكێتی و دەوڵەمەندیت لـێ دەكەم .

((اللَّهُمَّ أَلِّفْ بَيْنَ قُلُوبِنَا ، وَأَصْلِحْ ذَاتَ بَيْنِنَا ، وَاهْدِنَا سُبُلَ السَّلامِ ، وَنَجِّنَا مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ، وَجَنِّبْنَا الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ لَنَا وَمَا بَطَنَ ، اللَّهُمَّ بَارِكْ لَنَا فِي أَسْمَاعِنَا وَأَبْصَارِنَا وَقُلُوبِنَا وَأَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا ، وَتُبْ عَلَيْنَا ، إِنَّكَ أَنْتَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ ، وَاجْعَلْنَا شَاكِرِينَ لِنِعْمَتِكَ ، مُثْنِينَ بِهَا قَابِلِينَ لَهَا ، وَأَتِمَّهَا عَلَيْنَا)) .

خوایە ئاشنایی بخەرە نێوان دڵەکانمانەوە و نێوانمانیش چاك بکـە ، وە ڕێنماییمـان بکـە بـۆ ڕێگاکـانی ئاشـتی و سـەلامەتی و ئیسلامەتی ، وە ڕزگارمان بکە لە تاریکاییەکانـەوە بـۆ ڕووناکی ، وە بە دوورمان گرە لە خراپەکان ئەوەی کە ئاشکرایە و ئەوەشـی کە شاراوەیە ، وە بەرەکەت بخەرە نێـو بیسـتنمان و بینینمـان و دڵەکانمان و خێزانـەکانمان و نەوەکانمانـەوە ، وە تـەوبـەمان لــێ وەرگـرە بەڕاسـتی تـۆ زۆر تەوبـە وەرگـری و بـە بـەزەییت ، وە بمانکـەرە بەشـێك لـە کەسـە شـوکرانەبژێرەکانی نیعمەتـەکانت ، ستایشت بکەین لە سەری و قبوڵی بکەین و تەواو و کاملێشی بکە بە سەرماندا .

((رَبِّ أَعِنِّي وَلاَ تُعِنْ عَلَيَّ ، وَانْصُرْنِي وَلاَ تَنْصُرْ عَلَيَّ ، وَامْكُرْ لِي وَلاَ تَمْكُرْ عَلَيَّ ، وَاهْدِنِي وَيَسِّرِ هُدَايَ إِلَيَّ ، وَانْصُرْنِي عَلَى مَنْ بَغَى عَلَيَّ ، رَبِّ اجْعَلْنِي لَكَ شَكَّاراً ، لَكَ ذَاكِراً ، لَكَ رَاهِباً ، لَكَ مِطْوَاعَاً ، لَكَ مُخْبِتَاً أَوْ مُنِيباً ، رَبِّ تَقَبَّلْ تَوْبَتِي ، وَاغْسِلْ حَوْبَتِي ، وَأَجِبْ دَعْوَتِي ، وَثَبِّتْ حُجَّتِي ، وَسَدِّدْ لِسَانِي ، وَاهْدِ قَلْبِي ، وَاسْلُلْ سَخِيمَةَ قَلْبِي)) .

خوایە یارمەتیم بدە و یارمەتی کەسیش مەدە لە سەرم ، وە سەرم بخە و کەسیش سەر مەخە بە سەرمدا ، پلانم بۆ دارێژە و پلانیش دامەرێژە لە سەرم ، وە ڕێنماییم بکە و ڕێنمایی کردنیشم بۆ ئاس بکە ، وە سەرم بخە بە سەر ئەو کەسەی کە دەست درێژە دەکاتە سەرم ، خوایە وام لێبکە شوکرانەبژێری تۆ بم ، زیکری تۆ بکەم ، لە تۆ بترسم ، گوێڕایەڵی تۆ بکەم ، بۆ لای تۆ بگەڕێمەوە ، پەروەردگارم تەوبەم لێ قبوڵ کە ، وە تاوانەکانم بشۆرەوە ، وە وەڵامی دوعاکانم بدەرەوە ، وە بەڵگەکانم جێگیر

بکـە ، وە ڕێنمـایی دڵـم بکـە ، وە زمـانم ڕاسـت کـەرەوە ، وە پۆخڵەواتی نێو دڵم دەربێنە .

((اللَّهُـمَّ احْفَظْنِـي بِالْإِسْـلاَمِ قَائِمَـاً ، وَاحْفَظْنِـي بِالْإِسْـلاَمِ قَاعِـدَاً ، وَاحْفَظْنِي بِالْإِسْلاَمِ رَاقِدَاً ، وَلاَ تُشْمِتْ بِي عَدُوَّاً وَلاَ حَاسِدَاً ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ كُلِّ خَيْرٍ خَزَائِنُهُ بِيَدِكَ ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ كُلِّ شَرٍّ خَزَائِنُهُ بِيَدِكَ)) .

خوایە بمپارێزە بە هۆی ئیسلامەوە لە کاتێکدا کە بە پێوەم ، وە بمپارێزە بە هۆی ئیسلامەوە لـە کاتێـکدا کـە دانیشـتووم ، وە بمپارێزە بـە هـۆی ئیسـلامەوە لـە کاتێـکدا کـە ڕاکشـاوم ، وە بـە گرفـت و غـەمی مـن دوژمـن و چاولەسـەربووانم خۆشـحاڵ مەکـە ، خوایـە مـن داوای هـەموو خێرێمـت لێدەکـەم کـە خەزێنەکـەی لـە دەسـتی تـۆ دایـە ، وە پـەنات پـێ دەگـرم لـە هـەموو خراپەیـەك کـە خەزێنەکەی لە دەستی تۆ دایە .

((اللَّهُمَّ ارْحَمْنِي وَارْزُقْنِي وَعَافِنِي وَاهْدِنِي)) .

خوایە رەحمم پێ بکە و ڕزقم بدە و لاشەم ساغکە و هیدایەتم بدە .

((اللَّهُمَّ أَعِنِّي عَلَى ذِكْرِكَ وَشُكْرِكَ وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ)) .

خوایە یارمەتیم بدە لەسەر زیکرکردن و شوکرکردن و چاکێتی پەرستنت .

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْجَنَّةَ وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ النَّارِ ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْجَنَّةَ وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ النَّارِ ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْجَنَّةَ وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ النَّارِ)) .

خوایە من داوای بەهەشتت لێدەکەم و پەنات پێدەگرم لە ئاگر ، خوایە من داوای بەهەشتت لێدەکەم و پەنات پێدەگرم لە ئاگر ، خوایە من داوای بەهەشتت لێدەکەم و پەنات پێدەگرم لە ئاگر

.

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْمَأْثَمِ وَالْمَغْرَمِ)) .

**خوایە من پەنات پێدەگرم لە سزای ناو گۆڕ ، وە پەنات پێدەگرم لە فیتنە و تاقیکردنەوەی دەججالی چاو سڕاوە ، وە پەنات پێدەگرم لە فیتنە و تاقیکردنەوەی ژیان و مردن (کاتی سەرەمەرگ و پرسیارەکانی ناو گۆڕ) ، خوایە من پەنات پێدەگرم لە تاوانباری و قەرزاری .**

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ النَّارِ وَعَذَابِ النَّارِ ، وَفِتْنَةِ الْقَبْرِ وَعَذَابِ الْقَبْرِ ، وَشَرِّ فِتْنَةِ الْغِنَى ، وَشَرِّ فِتْنَةِ الْفَقْرِ ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ ، اللَّهُمَّ اغْسِلْ قَلْبِي بِمَاءِ الثَّلْجِ وَالْبَرَدِ ، وَنَقِّ قَلْبِي مِنَ الْخَطَايَا كَمَا نَقَّيْتَ الثَّوْبَ الأَبْيَضَ مِنَ الدَّنَسِ ، وَبَاعِدْ بَيْنِي وَبَيْنَ خَطَايَايَ كَمَا بَاعَدْتَ بَيْنَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْكَسَلِ وَالْمَأْثَمِ وَالْمَغْرَمِ)) .

خوایە من پەنات پێدەگرم لە فیتنەی ئاگر و سزای دۆزەخ ، وە پەنات پێدەگرم لە فیتنەی گۆڕ و سزای گۆڕ ، وە لە خراپەی تاقیکردنەوەی دەوڵەمەندی ، وە لە خراپەی تاقیکردنەوەی هەژاری و نەداری ، خوایە من پەنات پێدەگرم لە فیتنە و تاقیکردنەوەی دەججالی چاو سڕاوە ، خوایە دڵم بشۆ بە ئاوی بەفر و تەرزە ، وە دڵم پاك بکەرەوە لە تاوانەکان هەروەکو چۆن جلێکی سپیت پاك کردبێتەوە لە لەکە و پەڵە ، وە نێوان من و تاوانەکانم دوور بخەرەوە هەروەکو چۆن نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوات دوور خستووەتەوە ، خوایە من پەنات پێدەگرم لە تەمبەڵی و تاوانباری و قەرزاری .

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْعَجْزِ وَالْكَسَلِ وَالْجُبْنِ وَالْبُخْلِ وَالْهَرَمِ وَعَذَابِ الْقَبْرِ ، اللَّهُمَّ آتِ نَفْسِي تَقْوَاهَا ، وَزَكِّهَا أَنْتَ خَيْرُ مَنْ زَكَّاهَا ، أَنْتَ وَلِيُّهَا وَمَوْلاَهَا ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عِلْمٍ لَا يَنْفَعُ ، وَمِنْ قَلْبٍ لَا يَخْشَعُ ، وَمِنْ نَفْسٍ لَا تَشْبَعُ وَمِنْ دَعْوَةٍ لَا يُسْتَجَابُ لَهَا)) .

خوایـە مـن پـەنات پێـدەگرم لـە بێدەسـەڵاتی و تەمبـەڵی و ترسـنۆکی و ڕەزیلـی و پـیری و سـزای گـۆڕ ، خوایـە ویسـتی خۆپاراسـتن لـە تـاوان ببەخشـە بـە نـاخ و دەروونم ، وە پـاك و خاوێنی کەرەوە لە ویستی تاوان و خراپەکردن چونکە تۆ باشترین کەسیت خاوێنی کەیتەوە ، خوایە تۆ سەرپەشتیار و خاوەنی نـاخ و دەروونمی ، خوایە من پەنات پێدەگرم لە زانستێك کـە سـوودی نەبێت ، وە لە دڵێك کە لە تۆ نەترسێت ، وە لە دەروونێك کە تێـر نەبێت ، وە لە پاڕانەوەیەك کە وەڵام نەدرێتەوە .

((اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي ذَنْبِي كُلَّهُ دِقَّهُ وَجِلَّهُ وَأَوَّلَهُ وَآخِرَهُ وَعَلاَنِيَتَهُ وَسِرَّهُ))

خوایـە لـە هـەموو تاوانـەکانم خۆشـبە ، بچـوك و گـەورەی ، ئەوەڵ و ئەخیری ، ئاشکرا و نهێنیی .

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْهَدْمِ ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ التَّرَدِّي ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ الْغَرَقِ وَالْحَرَقِ وَالْهَرَمِ ، وَأَعُوذُ بِكَ أَنْ يَتَخَبَّطَنِي الشَّيْطَانُ عِنْدَ

الْمَوْتِ ، وَأَعُوذُ بِكَ أَنْ أَمُوتَ فِي سَبِيلِكَ مُدْبِرًا ، وَأَعُوذُ بِكَ أَنْ أَمُوتَ لَدِيغًا)) .

خوایە من پەنات پێدەگرم لە داڕووخانی شتێك بە سەرمدا ، وە پەنات پێدەگرم لە کەوتنە خوارەوە ، وە پەنات پێدەگرم لە خناکان و سووتان و پیری ، وە پەنات پێدەگرم لەوەی کە شەیتان تێکەڵم ببێت و تێکمبدات لە کاتی مردندا ، وە پەنات پێدەگرم لەوەی کە بمرم لە کاتێکدا کە پشتم هەڵکردبێت لە تێکۆشان لە پێناوی تۆدا ، وە پەنات پێدەگرم لەوەی کە بمرم بە پێوەدراوی .

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ الْجُوعِ فَإِنَّهُ بِئْسَ الضَّجِيعُ ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ الْخِيَانَةِ فَإِنَّهَا بِئْسَتِ الْبِطَانَةُ)) .

خوایە من پەنات پێدەگرم لە برسێتی چونکە بەڕاستی برسێتی خراپترین هاوڕێی سەر جێگایە ، وە پەنات پێدەگرم لە خیانەت و

**ناپـــاكی چـــونكه بەڕاســـتی خیانـــەت و ناپـــاكی خـــراپترین دەورەدەستن.**

((اللَّهُـمَّ إِنِّي أَعُـوذُ بِرِضَـاكَ مِـنْ سَـخَطِكَ ، وَبِـمُعَافَاتِكَ مِـنْ عُقُوبَتِـكَ ، وَأَعُـوذُ بِـكَ مِنْـكَ ، لاَ أُحْصِـي ثَنَـاءً عَلَيْـكَ أَنْـتَ كَمَـا أَثْنَيْـتَ عَلَـى نَفْسِكَ)).

**خوایه من پەنا دەگرم بە ڕەزامەندیت لە تووڕەیـت ، وە پـەنا دەگرم بە لێبوردەییت لـە سـزات ، وە پـەنا دەگـرم بـە خـۆت لـە خـۆت ، نـاتوانم ستایشـت بكـەم بـە ئەنـدازەی ئـەوەی كـە خـۆت ستایشی خۆتت كردووە .**

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ زَوَالِ نِعْمَتِكَ ، وَتَحْوِيلِ عَافِيَتِكَ ، وَفُجَاءَةِ نِقْمَتِكَ ، وَجَمِيعِ سَخَطِكَ)) .

خوایە من پەنات پێدەگرم لە نەمانی نیعمەتەکانت ، وە لە گۆڕاندنی خۆشگوزرانیت ، وە لە کوتوپڕی تۆڵەسەندنەوەت ، وە لە هەموو تووڕەییکت .

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا عَمِلْتُ ، وَمِنْ شَرِّ مَا لَمْ أَعْمَل)) .

خوایە من پەنات پێدەگرم لە خراپەی ئەو کردەوانەی وا کردوومن ، وە لە خراپەی ئەو کردەوانەش وا نەمکردوون .

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْهَمِّ وَالْحَزَنِ ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ الْعَجْزِ وَالْكَسَلِ ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ الْجُبْنِ وَالْبُخْلِ ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ غَلَبَةِ الدَّيْنِ وَقَهْرِ الرِّجَالِ)) .

خوایە من پەنات پێدەگرم لە غەم و پەژارە و بێ تاقەتی ، وە پەنات پێدەگرم لە بێدەسەڵاتی و تەمبەڵی ، وە پەنات پێدەگرم لە ترسنۆکی و ڕەزیلی ، وە پەنات پێدەگرم لە زاڵبوونی قەرز بە سەرمدا وە لە زاڵبوونی ستەمی پیاوان .

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ الْفَقْرِ ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ الْقِلَّةِ وَالذِّلَّةِ ، وَأَعُوذُ بِكَ أَنْ أَظْلِمَ أَوْ أُظْلَمَ)) .

**خوایە من پەنات پێدەگرم لە هەژاری ، وە پەنات پێدەگرم لە کەمێتی و سەرشۆڕی ، وە پەنات پێدەگرم لەوەی ستەم بکەم و لەوەش ستەمم لـێ بکرێت .**

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ سَمْعِي ، وَمِنْ شَرِّ بَصَرِي ، وَمِنْ شَرِّ لِسَانِي ، وَمِنْ شَرِّ قَلْبِي ، وَمِنْ شَرِّ مَنِيِّي)) .

**خوایە من پەنات پێدەگرم لە خراپەی بیستنم ، وە لە خراپەی بینینم ، وە لـە خراپـەی زمانم ، وە لـە خراپـەی دڵـم ، وە لـە خراپەی ئاوی شەهوەتم .**

((اللَّهُمَّ أَصْلِحْ لِي دِينِي الَّذِي جَعَلْتَهُ عِصْمَةَ أَمْرِي ، وَأَصْلِحْ لِي دُنْيَايَ الَّتِي جَعَلْتَ فِيهَا مَعَاشِي ، وَأَصْلِحْ لِي آخِرَتِي الَّتِي جَعَلْتَ إِلَيْهَا

مَعَادِي ، وَاجْعَلِ الْحَيَاةَ زِيَادَةً لِي فِي كُلِّ خَيْرٍ ، وَالْمَوْتَ رَاحَةً لِي مِنْ كُلِّ شَرٍّ)) .

خوایە دینداریەکەم بۆ چاك بکە کە پاراستنی گوزرانمی پێوە بەندە ، وە بواری دونیاشم بۆ چاك بکە کە ژیانمی تێدایە ، وە بواری دوارِۆژشیشم بۆ چاك بکە کە گەڕانەوەمی تێدایە ، وە ژیانم بکە بە مایەی زیاد بوونی هەموو خێرێك بۆم ، وە مردن بکە بە مایەی ئیسراحەت بۆم لە هەموو خراپەیەك .

((اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي ذُنُوبِي وَخَطَايَايَ كُلَّهَا ، اللَّهُمَّ أَنْعِشْنِي وَاجْبِرْنِي ، وَاهْدِنِي لِصَالِحِ الأَعْمَالِ وَالأَخْلاقِ ، فَإِنَّهُ لَا يَهْدِي لِصَالِحِهَا وَلَا يَصْرِفُ سَيِّئَهَا إِلَّا أَنْتَ)) .

خوایە لە هەموو تاوان و هەڵەکانم خۆشبە ، خوایە بمژێنەوە و کەموکوڕیەکانم پڕ کەرەوە و ڕێنماییم بکە بۆ کردەوە و ڕەوشتی چاك چونکە بەڕاستی کەس نیە ڕێنمایی بکات بۆ کردەوە و ڕەوشتی چاك و خراپەکانیشی لابدات لە ڕێم تەنها تۆ نەبێت .

((اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي خَطِيئَتِي وَجَهْلِي وَإِسْرَافِي فِي أَمْرِي ، وَمَا أَنْتَ أَعْلَمُ بِهِ مِنِّي ، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي جِدِّي وَهَزْلِي وَخَطَئِي وَعَمْدِي وَكُلُّ ذَلِكَ عِنْدِي ، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي مَا قَدَّمْت وَمَا أَخَّرْت وَمَا أَسْرَرْت وَمَا أَعْلَنْت وَمَا أَنْتَ أَعْلَمُ بِهِ مِنِّي، أَنْتَ الْمُقَدِّمُ وَأَنْتَ الْمُؤَخِّرُ ، وَأَنْت عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)).

خوایە لێم خۆشبە لە تاوانەکانم و نەزانینم و ڕۆچوونم لە کارەکانمدا و لەوەش کە تۆ زاناتری پێی لە من ، خوایە لێم خۆشبە لەوەی کە بە هەڵە و لەوەش کە بە ئەنقەست و لەوەش کە بە گاڵتە و لەوەش کە بە ڕاستی کردوومن وە هەموو ئەوانەشم هەیە ، خوایە لێم خۆشببە لەوەی کە پێشم خستووە و لەوەش کە دوام خستووە و لەوەش کە شاردوومەتەوە و لەوەش کە ئاشکرام کردووە ، خوایە تۆ پێشخەر و تۆش دواخەریت ، وە تۆ توانات بە سەر هەموو شتێکدا هەیە .

((اللَّهُمَّ بِعِلْمِكَ الْغَيْبَ وَقُدْرَتِكَ عَلَى الْخَلْقِ أَحْيِنِي مَا عَلِمْتَ الْحَيَاةَ خَيْرًا لِي ، وَتَوَفَّنِي إِذَا عَلِمْتَ الْوَفَاةَ خَيْرًا لِي ، اللَّهُمَّ وَأَسْأَلُكَ خَشْيَتَكَ فِي الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ ، وَأَسْأَلُكَ كَلِمَةَ الْحَقِّ فِي الرِّضَا وَالْغَضَبِ ، وَأَسْأَلُكَ الْقَصْدَ فِي الْفَقْرِ وَالْغِنَى ، وَأَسْأَلُكَ نَعِيمًا لَا يَنْفَدُ ، وَأَسْأَلُكَ قُرَّةَ عَيْنٍ لَا تَنْقَطِعُ ، وَأَسْأَلُكَ الرِّضَاءَ بَعْدَ الْقَضَاءِ ، وَأَسْأَلُكَ بَرْدَ الْعَيْشِ بَعْدَ الْمَوْتِ ، وَأَسْأَلُكَ لَذَّةَ النَّظَرِ إِلَى وَجْهِكَ وَالشَّوْقَ إِلَى لِقَائِكَ ، فِي غَيْرِ ضَرَّاءَ مُضِرَّةٍ ، وَلَا فِتْنَةٍ مُضِلَّةٍ ، اللَّهُمَّ زَيِّنَّا بِزِينَةِ الْإِيمَانِ ، وَاجْعَلْنَا هُدَاةً مُهْتَدِينَ)) .

خوایە لەبەر خاتر زانستت بە پەنهانی و توانات بە سەر دروستکراوەکاندا بمژێنە ئەوەندەی کە دەزانیت ژیان خێری تێدایە بۆم ، وە بممرێنە ئەگەر زانیت مردن خێری تێدایە بۆم ، خوایە وە داوای لە تۆ ترسانت لێدەکەم لە کاتی پەنهانی و ئاشکرابووندا ، وە داوای وتەی ڕاستیت لێدەکەم لە کاتی ڕازیبوون و تووڕەبووندا ، وە داوای مامناوەندیت لێدەکەم لە

کاتی هەژاری و دەوڵەمەندیدا ، وە داوای نیعمەتێکت لێدەکەم کە کۆتایی پێنەیەت ، وە داوای ئارامییەکت لێدەکەم کە نەبڕێتەوە ، وە داوای لێڕازی بوونت لێدەکەم دوای بڕیارت بە سەرمدا ، وە داوای فێنکی ژیانت لێدەکەم لە دوای مردن ، وە داوای چێژی تێڕوانین بۆ ڕوومەتت و تامەزرۆیی بۆ پێگەیشتنت لێدەکەم ، بە بێ ئەوەی زیانی تێدا بێت و زیانگەیەنەریش بێت ، وە بە بێ ئەوەی دووچاری تاقیکردنەوەیەکی گومڕاکەر و لەناوبەرم بکات ، خوایە بمانڕازێنەوە بە جوانی و ڕازاوەیی ئیمان ، وە بمانگێرە لەو کەسانەی کە ڕێنماییکار و ڕێنماییکراون .

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْبَرَصِ وَالْجُنُونِ وَالْجُذَامِ ، وَمِنْ سَيِّيءِ الأَسْقَامِ)) .

خوایە من پەنات پێدەگرم لە گولی و شێتی و گەڕی ، وە لە خراپترینی دەرد و نەخۆشیەکان .

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ وَرَحْمَتِكَ فَإِنَّهُ لَا يَمْلِكُهَا إِلَّا أَنْتَ))

**خوایە من داوای چاکە و بەزەیی پێداهاتنەوەت لێ دەکەم ، چونکە بەڕاستی ئەوانە بە دەستی کەسەوە نیە تەنها تۆ نەبێت .**

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ الْخَيْرِ كُلِّهِ عَاجِلِهِ وَآجِلِهِ ، مَا عَلِمْت مِنْهُ وَمَا لَمْ أَعْلَمْ ، وَأَعُوذُ بِك مِنْ الشَّرِّ كُلِّهِ عَاجِلِهِ وَآجِلِهِ ، مَا عَلِمْت مِنْهُ وَمَا لَمْ أَعْلَمْ ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُك مِنْ خَيْرِ مَا سَأَلَكَ عَبْدُك وَنَبِيُّك ، وَأَعُوذُ بِك مِنْ شَرِّ مَا عَاذَ مِنْهُ عَبْدُك وَنَبِيُّك ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْجَنَّةَ وَمَا قَرَّبَ إِلَيْهَا مِنْ قَوْلٍ أَوْ عَمَلٍ ، وَأَعُوذُ بِك مِنْ النَّارِ وَمَا قَرَّبَ إِلَيْهَا مِنْ قَوْلٍ أَوْ عَمَلٍ ، وَأَسْأَلُكَ أَنْ تَجْعَلَ كُلَّ قَضَاءٍ قَضَيْته لِي خَيْرًا)) .

**خوایە من داوای خێرت لێ دەکەم هەر هەموویی هی ئێستایی و داهاتوویی ئەوەی کە دەیزانم و ئەوەشی کە نایزانم ، وە پەنات پێ دەگرم لە خراپە هەر هەموویی هی ئێستایی و داهاتوویی ئەوەی کە دەیزانم و ئەوەشی کە نایزانم ، خوایە من داوای ئەو خێرەت لێ دەکەم کە بەندە و پێغەمبەرەکەت داوای لێ کردوویت ، وە پەنات**

پی دەگرم لەو خراپەیەی کە بەندە و پێغەمبەرەکەت پەنای پێ لێگرتووە ، خوایە من داوای بەهەشتت لێدەکەم و ئەوەشی کە نزیك کەرەوەیە لێی لە هەر گوفتار و کردارێك ، وە پەنات پێدەگرم لە ئاگر و ئەوەشی کە نزیك کەرەوەیە لێی لە هەر گوفتار و کردارێك ، وە داواشت لێدەکەم هەر بڕیارێك کە بڕیارت لە سەر داوە بۆم بە خێر بیگێڕیت .

((اللَّهُمَّ اقْسِمْ لَنَا مِنْ خَشْيَتِكَ مَا يَحُولُ بَيْنَنَا وَبَيْنَ مَعَاصِيكَ ، وَمِنْ طَاعَتِكَ مَا تُبَلِّغُنَا بِهِ جَنَّتَكَ ، وَمِنَ الْيَقِينِ مَا تُهَوِّنُ بِهِ عَلَيْنَا مُصِيبَاتِ الدُّنْيَا ، وَمَتِّعْنَا بِأَسْمَاعِنَا وَأَبْصَارِنَا وَقُوَّتِنَا مَا أَحْيَيْتَنَا ، وَاجْعَلْهُ الْوَارِثَ مِنَّا ، وَاجْعَلْ ثَأْرَنَا عَلَى مَنْ ظَلَمَنَا ، وَانْصُرْنَا عَلَى مَنْ عَادَانَا ، وَلاَ تَجْعَلْ مُصِيبَتَنَا فِي دِينِنَا ، وَلاَ تَجْعَلِ الدُّنْيَا أَكْبَرَ هَمِّنَا ، وَلاَ مَبْلَغَ عِلْمِنَا ، وَلاَ تُسَلِّطْ عَلَيْنَا مَنْ لاَ يَرْحَمُنَا)) .

خوایە ئەوەندە ترسان لە خۆتمان پێببەخشە کە ببێتە بەربەست لە نێوان ئێمە و سەرپێچی کردنتدا ، وە ئەوەندەش لە گوێڕایەڵی کردنت کە بمانگەیەنێتە بەهەشتەکەت ، وە ئەوەندەش لە

دڵنیـایی کـە ناهەموارییـەکانی دونیامـان لـە سـەر سووك بکاتـەوە ، خۆشگوزرانمان بکە بە بیستنمان و بینیمان و توانامان ئەوەندەی کـە دەمـان ژێنیـت ، وە ئەوانـەش بکـە بـە مـیرات گری ئێمـە ، وە تۆڵـە لێسەندنەوەمان بخەرە سـەر ئەوانـەی کـە ستەممان لـێدەکەن ، وە سـەرمان بخـە بـە سـەر ئەوانـەی دژایـەتیمان دەکـەن ، وە ناهەمواریيەکانمان نەخەیتـە نێـو ئاینەکەمانـەوە ، وە دونیـا مەکـەرە گەورە ترین مەبەستمان و ئامانجی زانستمان ، وە کەسـێك زاڵ مەکـە بە سەرماندا کە بەزەیی پێماندا نەیەتەوە .

((اللَّهُمَّ إِنِّي عَبْدُكَ ، وَابْنُ عَبْدِكَ ، وَابْنُ أَمَتِكَ ، نَاصِيَتِي بِيَدِكَ ، مَاضٍ فِيَّ حُكْمُكَ ، عَدْلٌ فِيَّ قَضَاؤُكَ ، أَسْأَلُكَ بِكُلِّ اسْمٍ هُوَ لَكَ ، سَمَّيْتَ بِهِ نَفْسَكَ ، أَوْ عَلَّمْتَهُ أَحَدَاً مِنْ خَلْقِكَ ، أَوْ أَنْزَلْتَهُ فِي كِتَابِكَ ، أَوْ اسْتَأْثَرْتَ فِي عِلْمِ الْغَيْبِ عِنْدَكَ ، أَنْ تَجْعَلَ الْقُرْآنَ رَبِيعَ قَلْبِي وَنُورَ صَدْرِي وَجَلاءَ حُزْنِي وَذَهَابَ هَمِّي)) .

خوایە من بەندەی تۆم ، و کوڕی پیاوێکم کە بەندەی تۆیـە ، وە کوڕی ئافرەتێکم کە بەنـدەی تۆیـە ، پێشەسـەرم لـە دەستی تۆدایـە ، حـوکمی تـۆ بەسـەرمدا پـەیڕەوکراوە ، بڕیـاری تـۆ بەسـەرمدا ڕاسـت و دادپەروەرانەیـە ، داوات لێدەکـەم بـە هـەموو ناوێك کە ناوی خۆتت پێناوە ، یـان فێـری کەسێکت کـردووە لـە دروسـتکراوەکانت ، یـان داتبـەزانـدووە لـە کـتێبەکـەتدا ، یـان تایبەتـت کردووە بـە خـۆتەوە لـە زانسـتی غەیـبدا لای خـۆت ، کەوا قورئان بکەیـت بە بەهاری دڵم و ڕووناکی سـێنگم و هـەڵگری پەژارەم و لابەری غەمم .

((اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْمُعَافَاةَ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ)) .

خوایـە مـن داوای سـەلامەتی و پـارێزراوێتی و بێوەییـت لـێدەکەم لە دونیا و دواڕۆژدا .

((اللَّهُمَّ اكْفِنِي بِحَلاَلِكَ عَنْ حَرَامِكَ ، وَأَغْنِنِي بِفَضْلِكَ عَمَّنْ سِوَاكَ)).

خوایە رازیم بکە بە شتە حەڵاڵکراوەکانت لە جیاتی حەرامکراوەکانت ، وە دەوڵەمەندم بکە بە چاکەی خۆت لە جگە لە خۆت .

((اللَّهُمَّ انْفَعْنِي بِمَا عَلَّمْتَنِي ، وَعَلِّمْنِي مَا يَنْفَعُنِي ، وَزِدْنِي عِلْمًا ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ عَلَى كُلِّ حَالٍ ، وَأَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ حَالِ أَهْلِ النَّارِ)) .

خوایە سوودم پێبگەیەنەیە بەوەی کە فێرت کردووم ، وە ئەوەم فێرکە کە سوودم پێدەگەیەنێت ، وە زانستم زیادکە ، وە سوپاس بۆ خوا لە سەر هەموو حاڵەتێك ، وە پەنا دەگرم بە خوا لە سزای ئاگر .

*** وَأُثِرَ عن عمر (رضي الله عنه) أنَّهُ كان يدعو بـهذا الدعاء :**

(اللَّهُمَّ اجْعَلْ خَيْرَ عُمُرِي آخِرَهُ ، وَخَيْرَ أَعْمَالِي خَوَاتِمَهَا ، وَخَيْرَ أَيَّامِي يَوْمَ أَلْقَاكَ) .

**خوایه با باشترینی تەمەنم کۆتاییەکەی بێت ، وە با باشترینی کردەوەکانمیش کۆتاییەکەی بێت ، وە با باشترینی ڕۆژەکانی ژیانم ئەو ڕۆژە بێت کە تێیدا دەگەم بە تۆ .**

بسم الله الرحمن الرحيم

*** لە ئادابەکانی دوعا و هۆکارەکانی گیرابوون و وەڵامدانـەوەی (مِنْ آداب الدعاء وأسباب الإجابة) :**

١- الإخلاص لله .

ـ نیاز و مەبەست پاکی تێیدا بۆ خوا .

٢- أن يبدأ بحمد الله والثناء عليه ثُمَّ بالصلاة على النبي (ﷺ) .

ـ بە سوپاس و ستایش کـردی خـوا و ئـەنجا صـڵاواتدان لەسـەر پێغەمبەر (ﷺ) دەست پێبکات ...

٣- الجزم في الدعاء واليقين بالإجابة .

ـ یەکلابوونەوە لە داواکردن و دڵنیابوون بە وەڵامدانەوەی .

٤- الإلحاح في الدعاء وعدم الاستعجال .

ـ داکۆکی کردن لە پاڕانەوە و داواکردن و پەلە نەکردن .

٥- حضور القلب في الدعاء .

**ـ ئامادەبوونی دڵ و بیروهۆش لە کاتی پاڕانەوەدا .**

٦- الدعاء في الرخاء والشدة .

**پاڕانەوە و دوعاکردن لە کاتی خۆشگوزرانی و تەنگانەدا .**

٧- لا يسأل إلَّا الله وحده .

**ـ داوا لە کەس نەکات جگە لە خوا نەبێت بەتەنها .**

٨- عدم الدعاء على الأهل ، والمال ، والولد ، والنفس .

**ـ دوعا نەکات لە کەسوکار و ماڵ و منداڵ و خوودی خۆی .**

٩- خفض الصوت بالدعاء بين المخافتة والجهر .

**ـ دەنگ نزمکردنەوە بە دوعاکردن لە نێوان شاردنەوە و ئاشکراکردندا (واتە ئەوەندە دەنگی دەردەبڕێت کە خۆی گوێی لێبێت) .**

١٠- الاعتراف بالذنب والاستغفار منه، والاعتراف بالنعمة وشكر الله عليها .

**ـ داننان بە تاوان و داوای لێخۆشبوون لـێی ، وە داننـان بـە ناز و نیعمەتەکانی خوا و شوکر و سوپاس کردنی لەسەری .**

١١- التضرع والخشوع والرغبة والرهبة .

**ـ مەلکەچی دەبڕین و خۆشکاندنەوە و ئـارەزووکردنی خێـر و تەرسان لە خراپە هاتنە ڕێ .**

١٢- رد المظالم مع التوبة .

**ـ گێڕانەوەی شتە بەستەم براوەکان لە گەڵ تەوبە کردندا .**

١٣- الدعاء ثلاثا .

**ـ پاڕانەوە سێ جار سێ جار .**

١٤- استقبال القبلة .

**- ڕووکردن لە قیبلە .**

١٥- رفع الأيدي في الدعاء .

**- بەرزکردنەوەی دەستەکان لە کاتی پاڕانەوەدا .**

١٦- الوضوء قبل الدعاء إن تيسر .

**- دەستنوێژ گرتن لە پێش پاڕانەوە و دوعا کردن ئەگەر کرا .**

١٧- أن لا يعتدي في الدعاء .

**- زیادەڕەووی نەکات لە پاڕانەوەدا .**

١٨- أن يبدأ الداعي بنفسه إذا دعا لغيره .

**- دوعاکار لە خۆیەوە دەست پێبکات ئەگەر بۆ جگە لە خۆی دوعای کرد .**

١٩- أن يتوسل إلى الله بأسمائه الحسنى وصفاته العلى ، أو بعمل صالح قام به الداعي نفسه ، أو بدعاء رجل صالح حي حاضر له .

ـ تکا کردن لـە خـوا بـە خـاتری نـاوە چـاکەکان و سـیفاتە بەرزەکانی ، یان بە خاتری کردەوەیەکی چاك کە کەسی دوعاکـار خۆی ئەنجامی دابێت ، یان بە پاڕانەوەی پیاو چـاکێکی زینـدووی ئامادە کە بۆی بپاڕێتەوە لە خوا .

٢٠- أن يكون المطعم والمشرب والملبس من حلال .

ـ دەبێت خواردن و خواردنەوە و پۆشاکەکانی حەڵاڵ بن .

٢١- لا يدعو بإثم أو قطيعة رحم .

ـ پاڕانەوەکـەی تـاوان و بچـڕاندنی پـەیوەنـدی خزمایـەتی تێـدا نەبێت .

٢٢- الابتعاد عن جميع المعاصي .

ـ دوورکەوتنەوە لە هەموو تاوانەکان .

*** ئەو کات و حاڵەت و شوێنانەی کەوا دوعایان تێدا گیرادەبێت**

**( أوقات وأحوال وأماكن يستجاب فيها الدعاء) :**

١- ليلة القدر .

**ـ شەوی قەدر .**

٢- ثلث الليل الآخر .

**ـ سێیەکی کۆتایی شەو .**

٣- دُبُر الصلوات المكتوبات .

**ـ لە کۆتایی نوێژە فەرزەکاندا .**

٤- بين الأذان والإقامة .

**ـ لە نێوان بانگ و قامەتدا .**

٥ - عند النداء للصلوات المكتوبة .

**ـ لە کاتی بانگدان بۆ نوێژە فەرزەکان .**

٦- عند نزول الغيث .

**ـ لە کاتی باران بارین .**

٧ – ساعة من يوم الجمعة ، وأرجح الأقوال فيها أنَّها آخر ساعة من ساعات العصر يوم الجمعة ، وقد تكون ساعة الخطبة والصلاة .

**ـ کاتێکی تایبەت لە ڕۆژی جومعەدا ، وە ڕاستترین وتەیش تێیدا ئەوەیە کەوا دوا سەعاتە لە سەعاتەکانی ڕۆژی جومعە ، وە لەوانەشە کاتی وتار و نوێژی جومعە بێت .**

٨- في السجود .

**ـ لە کاتی سووجدەبردندا .**

**دوعایەی کە لە فەرموودەدا هاتووە لەو بارەیەوە .**

٩- إذا نام على طهارة ثُمَّ استيقظ من الليل ودعا .

ـ ئەگەر بە لەش پاکی و دەستنوێژەوە بخەوێت و ئەنجا بەخەبەربێتەوە لە شەودا و بپاڕێتەوە و دوعا بکات .

١٠ – عند الدعاء بـ ﴿لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبۡحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ .

ـ لە کاتی دوعا کردن بەم پاڕانەیە : ﴿لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبۡحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ .

١١– دعاء الناس عقب وفاة الميت .

ـ دوعا و پاڕانەوەی خەڵکی لە پاش وەفات کردنی مردوو .

١٢ – الدعاء بعد الثناء على الله والصلاة على النبي (ﷺ) في التشهد الأخير .

ـ دوعا و پاڕانەوە لە پاش ستایش کردی خوا و صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) لە تەحییاتی کۆتایی نوێژدا .

١٣- عند دعـاء الله باسمـه العظيم الـذي إذا دعـي بـه أجـاب وإذا سئل به أعطى .

**- له كاتى پاڕانەوە لـە خـوا بـە نـاوى هــەرە گـەورەيى كـەوا ئەگەر پێى بپاڕێیتەوە لـێى وەڵامتدەداتـەوە ، وە ئەگـەر پـێى داوا بکەیت لە خوا ئەوا پێت دەبەخشێت .**

١٤- دعاء المسلم لأخيه المسلم بظهر الغيب .

**- پاڕانـەوە و دوعـاکردنى موسـڵمان بـۆ بـراى موسـڵمانى بـە پەنهانى و بێ ئەوەى خۆى ئاگاى لێبێت .**

١٥- دعاء يوم عرفة في عرفة .

**- پاڕانەوە و دوعاکردنى ڕۆژى عەرەفە لە ڕۆژى عەرەفەدا .**

١٦- الدعاء في شهر رمضان .

**- پاڕانەوە و دوعاکردن لە مانگى ڕەمەزاندا .**

١٧- عند اجتماع المسلمين في مجالس الذكر .

**ـ لە كاتی كۆبوونەوەی موسڵمانانداا لە كۆڕەكانی زیكردا .**

١٨- عند الدعاء في المصيبة بـ ((إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ ، اللَّهُمَّ أْجُرْنِي فِي مُصِيبَتِي وَأَخْلِفْ لِي خَيْرًا مِنْهَا)) .

**ـ دوعاكردن لە كاتی بەڵاوموسیبەتدا بە وتنی :** ((إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ ، اللَّهُمَّ أْجُرْنِي فِي مُصِيبَتِي وَأَخْلِفْ لِي خَيْرًا مِنْهَا)) .

١٩- دعاء المظلوم على من ظلمه .

**ـ پاڕانەوە و دوعای ستەملێكراو لەو كەسەی كە ستەمی لێكردووە .**

٢٠- دعاء الوالد لولده وعلى ولده .

**ـ پاڕانەوە و دوعای باوك بۆ منداڵەكانی و لە منداڵەكانی .**

٢١- دعاء المسافر .

**ـ پاڕانەوە و دوعای موسافیر .**

٢٢- دعاء الصائم حتى يفطر .

**ـ پاڕانەوە و دوعای ڕۆژووان تاوەکو بەربانگ دەکاتەوە .**

٢٣- دعاء الصائم عند فطره .

**ـ پاڕانەوە و دوعای ڕۆژووان لە کاتی بەربانگ کردنیدا .**

٢٤- دعاء المضطر .

**ـ پاڕانەوە و دوعای ناچار و لێقەوماو .**

٢٥- دعاء الإمام العادل .

**ـ پاڕانەوە و دوعای کاربەدەستی دادوەر .**

٢٦- الدعاء عقب الوضوء إذا دعا بالمأثور في ذلك .

**ـ پاڕانەوەی پاش دەستنوێژ ئەگەر بپاڕێتەوە بەو دوعایەی کە لە فەرموودەدا هاتووە لەو بارەیەوە .**

٢٧ – الدعاء داخل الكعبة عند الطواف .

**ـ دوعا كردن له نێو كەعبەدا له كاتی تەواف كردندا .**

٢٨ – الدعاء على الصفا .

**ـ دوعا كردن لەسەر كێوی صەفا .**

٢٩ – الدعاء على المروة .

**ـ دوعا كردن لەسەر كێوی مەروە .**

٣٠– الدعاء عند المشعر الحرام .

**ـ دوعـاكردن له لای (الْمشعر الْحـرام) ـ كێوێكه له نێوان موزدەلیفه و مینا ـ .**

٣١ – الدعاء بعد رمي الجمرة الصغرى .

**ـ دوعا كردن له پاش بەرد فڕێدانه نێو جەمرەی بچـووك ـ لـه كاتی حەجدا ـ .**

٣٢ – الدعاء بعد رمي الجمرة الوسطى .

**ـ دوعاکردن لە پاش بەرد فڕێدانە نێو جەمرەی ناوەڕاست[١].**

[١] **هەموو ئەم خاڵانەم وەرگرتووە لە کتێبی :** (الدعاء من الكتاب والسنة) .

## خوێنەری بەڕێز :

بەڕاستـی ئیمانـدار هەرکـاتێـك بـپاڕێتـەوە لـە خـوای پەروەردگـار ئـەوا خوا نزیکـە لێیەوە و وەڵامی دەداتەوە ئەگەر لـێی بپاڕێتـەوە ، هەروەکو لە قورئاندا فەرموویـەتی : ﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ ۖ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ ۖ ﴾ ، بـەڵام ئـەم کـات و حاڵـەت و شوێنانە بەتایبەت زیاتـر بایەخیان پێدەدرێت بۆ پاڕانەوە تێیاندا و لەگەڵ جێبەجێکردنی ئاداب و هۆکارەکـانی گیرابـوونی دوعـا و وەڵامدانەوەی خوای دەوڵەند و ڕەحمەت فراوان بۆ دوعاکانمان .

## چیرۆکی سێ دوعای گیرابوو لە قورئاندا

١ ـ دوعاکەی پێغەمبەر (أيوب عليه السلام) بۆ لابردنی ئەو زیانانەی کە پێگەیشتبوون لە نەمانی کەسوکار و ماڵ و سامانی و نەخۆشکەوتنی جەستەی :

﴿وَأَيُّوبَ إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ أَنِّي مَسَّنِيَ ٱلضُّرُّ وَأَنتَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴿٨٣﴾ فَٱسْتَجَبْنَا لَهُۥ فَكَشَفْنَا مَا بِهِۦ مِن ضُرٍّ ﴿٨٤﴾﴾ [الأنبياء] .

واتە : وە (أيوب) کە لە پەروەردگاری پاڕایەوە و بانگی کرد : ئەی پەروەردگارم من زیانم پێگەشتووە و تۆیش بەبەزەییترینی بەبەزەییەکانیت ﴿٨٣﴾ ئێمەش وەڵامیمان دایەوە و ئەو زیانەی کە پێیگەیشتبوو لامانبرد لەسەری .

٢ ـ دوعاکەی پێغەمبەر (يونس عليه السلام) بۆ دەرباز بوونی لە تەنگانەی نێو تاریکاییەکانی دەریا و سکی حوتەکە :

﴿فَنَادَىٰ فِي ٱلظُّلُمَٰتِ أَن لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبۡحَٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ
ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٨٧﴾ فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ وَنَجَّيۡنَٰهُ مِنَ ٱلۡغَمِّۚ وَكَذَٰلِكَ نُـۨجِي
ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٨٨﴾﴾ [الأنبياء] .

واتە : پێغەمبەر (یونس عليه السلام) لە نێو تاریکاییەکانی نێو دەریا و سکی حوتەکەدا پاڕایەوە و بانگی کرد : خوایە هیچ پەرستراوێك نیە شایستەی پەرستن بێت تەنها تۆ نەبێت ، پاکی بۆ تۆ خوایە لە هەموو کەمی و نوقوسانیەك بەڕاستی من یەکێکم لە ستەمکاران بۆیە لێم خۆشبە ﴿٨٧﴾ ئێمەش وەڵامیمان دایەوە و ڕزگارمان کرد لە غەم و پەژارە ، وە بەو شێوەیە ئیمانداران ڕزگار دەکەین و لە تەنگانە دەریان دەهێنین .

٣ ـ دوعاکەی پێغەمبەر (زکریا عليه السلام) بۆ منداڵ پێبەخشین :

﴿وَزَكَرِيَّآ إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُۥ رَبِّ لَا تَذَرْنِي فَرْدًا وَأَنتَ خَيْرُ
ٱلْوَٰرِثِينَ ٨٩ فَٱسْتَجَبْنَا لَهُۥ وَوَهَبْنَا لَهُۥ يَحْيَىٰ وَأَصْلَحْنَا لَهُۥ
زَوْجَهُۥٓ ۚ ٩٠﴾ [الأنبياء] .

واتە : وە (زكريا) كە لە پەروەردگاری پاڕایەوە و بانگی كرد : ئەی پەروەردگارم بە تەنیا مەمهێڵەرەوە و تۆش باشترینی جێپڕكەرەوەكانی ٨٩ ئێمەش وەڵامیمان دایەوە و (يَحْيَىٰ)مان پێبەخشی و خێزانەكەیمان بۆی چاك كرد .

لێرەدا دەبینین بە هۆی دوعا كردنەوە خوای پەروەردگار :

- زیانەكانی لابرد لەسەر پێغەمبەر (أيوب عليه السلام) .

- وە پێغەمبەر (يونس)شی (عليه السلام) لە تەنگانە دەرباز كرد .

- وە منداڵیشی بەخشی بە پێغەمبەر (زكريا عليه السلام) .

# چیرۆکی دوعایەکی گیرا

## لە فەرموودەیەکی صەحیحی پێغەمبەردا (ﷺ)

عَنْ أَنَسِ بن مَالِكٍ (رضي الله عنه) قَالَ : ((قَالَتْ أُمُّ سُلَيْمٍ : يَا رَسُولَ اللَّهِ ادْعُ اللَّهَ لأَنَسٍ ، فَقَالَ : **اللَّهُمَّ أَكْثِرْ مَالَهُ وَوَلَدَهُ ، وَبَارِكْ لَهُ فِيهِ** .

قَالَ أَنَسٌ : فَلَقَدْ دَفَنْتُ مِنْ صُلْبِي سِوَى وَلَدِ وَلَدِي خَمْسًا وَعِشْرِينَ وَمِائَةً ، وَإِنَّ أَرْضِي لَيُثْمِرُ فِي السَّنَةِ مَرَّتَيْنِ ، وَمَا فِي الْبَلَدِ شَيْءٌ يُثْمِرُ مَرَّتَيْنِ غَيْرَهَا))[1] .

**واتە : (أُمُّ سُلَيْم)ی دایکی (أَنَس) وتی : ئەی پێغەمبەری خوا لە خوا بپاڕێرەوە بۆ (أَنَس)ی خزمەتکارت ، ئەویش فەرمووی : خوایە ماڵ و منداڵی زۆرکە و بەرەکەتی تێبخە بۆی .**

**(أَنَس) وتی : بەڕاستی لە نەوەی پشتی خۆم جگە لە منداڵی منداڵەکانم (واتە : جگە لە کوڕەزاکانم) سەد و بیست و پێنجە (١٢٥) لێیان ناشتووەتە ناو گۆڕ ، وە بەڕاستی زەویەکەم لە**

---

[1] رواه البخاري رقم : (٦٣٧٨) ، ومسلم رقم : (١٤٩٩) ، والطبراني في "المعجم الكبير" رقم : (٧٠٩) واللفظ له ، وانظر : "صحيح الأدب المفرد" رقم : (٦٥٣) و "سلسلة الأحاديث الصحيحة" : ( / ) رقم : (١٤١) .

ساڵێکدا دوو جار بەر دەگرێت ، وە هیچ شتێك نىیە لەم وڵاتەدا دوو جار بەر بگرێت جگە لە زەویەکەی من نەبێت .

ئەمەش بەرهەمی پاڕانەوە بوو لە خوای بەدەسەڵات ..

## چیرۆکی دوعای گیرا بوو لە

## دووان لە صەحابەکانی پێغەمبەرەوە (ﷺ)

١ ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ : ((شَكَا أَهْلُ الْكُوفَةِ سَعْدًا إِلَى عُمَرَ (رضي الله عنه) فَعَزَلَهُ وَاسْتَعْمَلَ عَلَيْهِمْ عَمَّارًا ، فَشَكَوْا حَتَّى ذَكَرُوا أَنَّهُ لاَ يُحْسِنُ يُصَلِّي ، فَأَرْسَلَ إِلَيْهِ فَقَالَ : يَا أَبَا إِسْحَاقَ إِنَّ هَؤُلاَءِ يَزْعُمُونَ أَنَّكَ لاَ تُحْسِنُ تُصَلِّي ؟! قَالَ أَبُو إِسْحَاقَ : أَمَّا أَنَا وَاللَّهِ فَإِنِّي كُنْتُ أُصَلِّي بِهِمْ صَلاَةَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مَا أَخْرِمُ عَنْهَا ، أُصَلِّي صَلاَةَ الْعِشَاءِ فَأَرْكُدُ فِي الأُولَيَيْنِ وَأُخِفُّ فِي الأُخْرَيَيْنِ ، قَالَ : ذَاكَ الظَّنُّ بِكَ يَا أَبَا إِسْحَاقَ ، فَأَرْسَلَ مَعَهُ رَجُلاً أَوْ رِجَالاً إِلَى الْكُوفَةِ ، فَسَأَلَ عَنْهُ أَهْلَ الْكُوفَةِ ، وَلَمْ يَدَعْ مَسْجِدًا إِلَّا سَأَلَ عَنْهُ ، وَيُثْنُونَ مَعْرُوفًا ، حَتَّى دَخَلَ مَسْجِدًا لِبَنِي عَبْسٍ ، فَقَامَ رَجُلٌ مِنْهُمْ يُقَالُ لَهُ أُسَامَةُ بْنُ قَتَادَةَ يُكْنَى أَبَا سَعْدَةَ قَالَ : أَمَّا إِذْ نَشَدْتَنَا فَإِنَّ سَعْدًا كَانَ لاَ يَسِيرُ بِالسَّرِيَّةِ ، وَلاَ يَقْسِمُ بِالسَّوِيَّةِ ، وَلاَ يَعْدِلُ فِي الْقَضِيَّةِ .

قَالَ سَعْدٌ : أَمَا وَاللَّهِ لأَدْعُوَنَّ بِثَلاَثٍ : اللَّهُمَّ إِنْ كَانَ عَبْدُكَ هَذَا كَاذِبًا ، قَامَ رِيَاءً وَسُمْعَةً فَأَطِلْ عُمْرَهُ ، وَأَطِلْ فَقْرَهُ ، وَعَرِّضْهُ بِالْفِتَنِ .

وَكَانَ بَعْدُ إِذَا سُئِلَ يَقُولُ : شَيْخٌ كَبِيرٌ مَفْتُونٌ ، أَصَابَتْنِي دَعْوَةُ سَعْدٍ .

قَالَ عَبْدُ الْمَلِكِ : فَأَنَا رَأَيْتُهُ بَعْدُ قَدْ سَقَطَ حَاجِبَاهُ عَلَى عَيْنَيْهِ مِنَ الْكِبَرِ ، وَإِنَّهُ لَيَتَعَرَّضُ لِلْجَوَارِي فِي الطُّرُقِ يَغْمِزُهُنَّ))[١].

واتە : خەڵكی كوفە شكات و سكاڵای (سەعد)یان كرد لە لای (عومەر) و ئەویش لایبرد و (عەمماری) كردە كاربەدەستیان ، جا ئەوەندە سكاڵایان كرد تاوەكو ئەوەشیان باس كرد كەوا نازانێت نوێژ بكات ، ئەویش ناردی بە دوایدا و فەرمووی : ئەی (باوكی ئیسحاق) ئەوانە دەڵێن تۆ نازانێت نوێژ بكەیت ؟! (باوكی ئیسحاق)یش فەرمووی : سەبارەت بە من سوێند بە خوا نوێژم بۆیان دەكرد وەكو نوێژەكەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هیچم لێ كەم نەكردووە ، نوێژی عیشام دەكرد جا لە دوو ركاتی یەكەمدا

---

[١] صحيح البخاري رقم : (٧٥٥) .

خوێندنەوەکەم درێژ دەکردەوە و لـە دوو رکـاتی کۆتاییـدا کـورتم دەکردەوە ، (عومەر)یش فـەرمووی : هـەر بـەو شـێوەیە ئێمـەش گومانت پێدەبـەین ئـەی (بـاوکی ئیسحاق) ، ئـەنجا پیاوێك یـان چەند پیاوێکی نارد لەگەڵیدا بۆ کوفـە ، ئـەنجا پرسـیاری کـرد لـە خـەڵکی کوفـە سـەبارەت بـە (سـەعد) ، وە هـیچ مزگـەوتێکی نەهێشـتەوە ئـیللا پرسـیاری کـرد لـە خەڵکەکـەی سـەبارەت بـە (سەعد) ، ئەوانیش هەموویان بە چاکە ستایشـیان کـرد ، تـاوەکو ڕۆیشتە نێو مزگـەوتی (بَنِي عَبْس) و لـەوێ پیاوێکیـان هەسـتا کـە پێی دەوترا : (أُسَامَةُ بْنُ قَتَادَةَ) و نازنـاوی (أَبُو سَعْدَةَ) بـوو وتـی : لەبەر ئەوەی داوات لێمان کرد قسە بکەین بۆیە دەڵێم : بەڕاسـتی (سـەعد) دەسـتە سـەربازی بەڕێنـەدەکرد بـۆ جیهـاد ، وە بـە یەکسانی شتەکانی دابەشنەدەکرد ، وە دادوەر نەبوو لە یـەکلایی کردنەوەی کێشەکاندا .

(سەعد)یش فەرمووی : سوێند بە خوا سێ دوعات لـێدەکەم:

خوایە ئەگەر ئەم بەندەیەت درۆ دەکات و بۆ خۆدەرخسـتن و ناوبانگ دەرکردن هەستا ئەوا : تەمەنی درێژ کە ، وە زۆر هەژار و نەداری کە ، وە تووشی کێشە و گرفتی بکە .

جا دوای ئەوە ئەگەر پرسـیاریان لــێبکردایەت و بیانوتایـەت چۆنیت ؟ دەیووت : من پیاوێکی بەسـاڵا چـووی تەمـەن گـەورەی تووش بووی گرفتارم ، دوعاکەی (سەعد) گیرابوو لێم و پێکامی .

(عَبْدُ الْمَلِك) دەڵێـت : مـن دوای ئـەوە بینـیم لـە پـیری و گەورەییدا هەردوو برۆی شۆڕبووببونەوە بۆ سەری هەردوو چـاوی ، وە لە سەرە ڕێگاکاندا ڕێی دەگرت بە کچان و ئامـاژەی بۆیـان دەکرد بە چاو لـێقرپاندن و برۆ لـێهەڵتەکاندن و دەست بۆ بردن .

٢ ـ وَعَنْ عُرْوَةَ بْنِ الزُّبَيْرِ : أَنَّ أَرْوَى بِنْتَ أُوَيْسٍ ادَّعَتْ عَلَى سَعِيدِ بْنِ زَيْدٍ أَنَّهُ أَخَذَ شَيْئًا مِنْ أَرْضِهَا ، فَخَاصَمَتْهُ إِلَى مَرْوَانَ بْنِ الْحَكَمِ .

فَقَالَ سَعِيدٌ : أَنَا كُنْتُ آخُذُ مِنْ أَرْضِهَا شَيْئًا بَعْدَ الَّذِي سَمِعْتُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) ؟!

قَالَ : وَمَا سَمِعْتَ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) ؟

قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ : "مَنْ أَخَذَ شِبْرًا مِنَ الأَرْضِ ظُلْمًا طُوِّقَهُ إِلَى سَبْعِ أَرَضِينَ" .

فَقَالَ لَهُ مَرْوَانُ : لاَ أَسْأَلُكَ بَيِّنَةً بَعْدَ هَذَا .

فَقَالَ : اللَّهُمَّ إِنْ كَانَتْ كَاذِبَةً فَعَمِّ بَصَرَهَا وَاقْتُلْهَا فِي أَرْضِهَا .

قَالَ : فَمَا مَاتَتْ حَتَّى ذَهَبَ بَصَرُهَا ثُمَّ بَيْنَا هِيَ تَمْشِي فِي أَرْضِهَا إِذْ وَقَعَتْ فِي حُفْرَةٍ فَمَاتَتْ))[١].

---

[١] صحيح مسلم رقم : (٤١١٠) .

واتە : (أَرْوَى بِنْتَ أُوَيْس) شكاتی كرد لە (سَعِيدِ بْنِ زَيْد) كەوا بەشێك لە زەویەكەیی بردووە ، بۆیە كێشەكەیانی برد بۆ لای (مَرْوَانَ بْنِ الْحَكَم) ـ كە لە كاتەدا فەرمانڕەوای مەدینە بوو ـ .

(سَعِيد) فەرمووی : ئایا من بەشێك لە زەویەكەی دەبەم لە پاش ئەوەی كە بیستوومە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) ؟!

(مَرْوَان) وتی : چیت بیستووە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) ؟

(سَعِيد) فەرمووی : بیستووە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەیفەرموو : هەر كەسێك بیستێك لە زەوی كەسێكی تر بە ستەم ببات ئەوا تا حەوت تەبەقەی زەوی دەكرێتە گەردنی لە ڕۆژی دواییدا .

(مَرْوَان) بە (سَعِيد)ی وت : دوای ئەم فەرموودەیە داوای بەڵگەی ترت لێناكەم .

ئـەنجا (سَعِيد) فـەرمووی : خوایـە ئەگـەر ئـەم ئافرەتـە درۆ دەكات ئەوا چاوی كوێر كە و لە نێو زەويەكەی خۆيدا بيكوژە .

فەرمـــووی : جـا ئـــەو ئافـــرەتە نەمـــرد تاوەكـــو چاوی لـە دەســـت دا ئـەنجا ڕۆژێكيـان بـە نێـو زەويەكەيـدا ڕێی دەكـرد و لەناكاودا كەوتە نێو چاڵێكەوە و مرد .

وفي رواية أخرى :

عَنْ سَعِيدِ بْنِ زَيْدِ بْنِ عَمْرِو بْنِ نُفَيْلٍ : ((أَنَّ أَرْوَى خَاصَمَتْهُ فِي بَعْضِ دَارِهِ فَقَالَ : دَعُوهَا وَإِيَّاهَا فَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ : مَنْ أَخَذَ شِبْرًا مِنَ الأَرْضِ بِغَيْرِ حَقِّهِ طُوِّقَهُ فِي سَبْعِ أَرَضِينَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ .

اللَّهُمَّ إِنْ كَانَتْ كَاذِبَةً فَأَعْمِ بَصَرَهَا وَاجْعَلْ قَبْرَهَا فِي دَارِهَا .

قَالَ : فَرَأَيْتُهَا عَمْيَاءَ تَلْتَمِسُ الْجُدُرَ تَقُولُ : أَصَابَتْنِي دَعْوَةُ سَعِيدِ بْنِ زَيْدٍ

.

فَبَيْنَمَا هِيَ تَمْشِي فِي الدَّارِ مَرَّتْ عَلَى بِئْرٍ فِي الدَّارِ فَوَقَعَتْ فِيهَا فَكَانَتْ قَبْرَهَا))[١].

واتــه : (سَعِيدِ بْنِ زَيْد) فەرموويــەتی : (أَرْوَى) كێشــەی بـۆی درووست

كـرد و سـكاڵای لـێكرد سـەبارەت بـه هەنـدێك لـه زەويەكـەی ، ئەويش فـەرمووی : وازبێـنن لـه خـۆی و زەويەكـەش چـونكه مـن بيستووه له پێغەمبـەری خـواوه (ﷺ) دەيفـەرموو : هـەر كەسـێك بيستێك له زەوی كەسـێكی تـر بـه ناحـەق ببـات ئـەوا تـا حـەوت تەبەقەی زەوی دەكرێته گەردنی له ڕۆژی دواييدا .

خوايه ئەگەر ئەم ئافرەتـه درۆ دەكات ئەوا چاوی كوێـر كـه و زەويەكەيی بۆ كەره گۆڕەكەی .

---

(١) صحيح مسلم رقم : (٤١٠٩) ، وأصله في البخاري دون القصة رقم : (٢٤٥٢) .

دەڵێت : ئەو ئافرەتەم بینی بە کوێری دەستی دەگرت بە دیوارەکانەوە و دەیوت : دوعاکەی (سەعیدی کوڕی زەید) گیرا بوو لێم و پێکامی .

ئەنجا ڕۆژێکیان بە نێو زەویەکەیدا ڕێی دەکرد و بەسەر بیرێکدا تێپەڕی کە لە نێو زەوییکەدا بوو لەناکاودا کەوتە نێویەوە و مرد .

اللَّهُمَّ اجْعَلْ خَيْرَ عُمُرِي آخِرَهُ

وَخَيْرَ أَعْمَالِي خَوَاتِمَهَا

وَخَيْرَ أَيَّامِي يَوْمَ أَلْقَاكَ

# ✍ لە بەرهەمەکانی دانەر

١ ـ **سێ بنچینەکەی بیروباوەڕ و بەڵگەکانیان** ـ چاپی هەژدەیەم ـ .

٢ ـ **بیروباوەڕت وەربگرە لە قورئان و سوننەت** ـ چاپی سی و دووەم ـ .

٣ ـ **پوختەیەك لە بیروباوەڕی ئیسلامەتی** ـ چاپی هەژدەیەم ـ .

٤ ـ **کورتەیەك لە فیقهی سوننەت و قورئانی ئازیز** ـ ئامادە دەکرێت بۆ چاپ ـ .

٥ ـ **برایەتی نێوان موسڵمانان** ... ـ چاپی دەیەم ـ .

٦ ـ **لەگەڵ کێدا دادەنیشیت و هاوڕێیەتی کێ دەکەیت ؟** ـ چاپی بیست و دووەم ـ .

٧ ـ **چۆنێتی قوربانی کردن لە سەردەمی پێغەمبەردا** (ﷺ) ـ چاپی پێنجەم ـ .

٨ ـ **کاتی پارشێو و بەربانگ کردن لە سەردەمی پێغەمبەردا** (ﷺ) ـ چاپی شەشەم ـ .

٩ ـ **حوکم و ئادابەکانی قەرزدان و قەرزکردن و قەرزدانەوە** .. ـ چاپی پێنجەم ـ .

١٠ ـ **فەتوای گەورە زانایانی هاوچەرخی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بە حوکمی حزبایەتی و جیاوازی و پارچە پارچەگەرێتی** ـ چاپی سێیەم ـ .

١١ ـ **لە ئیسلامدا چەندین گروپ و حیزب نییە بەڵکو کۆمەڵی موسڵمانان و خەلیفە هەیە** ـ چاپی یەکەم ـ.

١٢ ـ **حوکمی کۆمەڵ و حزبە ئیسلامییەکان لە نێو کۆمەڵگای موسلماناندا / فەتوای هەردوو شێخ : ( ابن باز ) و ( ابن العثیمین )** ـ چاپی یەکەم ـ .

١٣ ـ **ئایا لەم دەرگایەت داوە ؟ (پاڕانەوە لە خوای پەروەردگار)** ـ چاپی هەژدەیەم ـ .

١٤ ـ **فەزڵ و گەورەیی و حوکمەکانی دە ڕۆژی یەکەمی مانگی حاجیان لە سوننەتی پیرۆزی پێغەمبەردا (ﷺ)** ـ چاپی حەوتەم ـ .

## * زنجیرەی ئافرەت لە سایەی ئیسلامدا :

١٥ ـ یەکەم : **ئافرەتان و فێربوونی زانستی شەرعی** ـ چاپی دوانزەیەم ـ .

١٦ ـ دووەم : **زانا ترین ئافرەتی دونیا** ـ چاپی دوانزەیەم ـ .

١٧ ـ سێیەم : **لە دایك بوونی کچان و سەرهەڵدانەوەی خەصڵەتێکی سەردەمی نەفامی و جاهلی لە سەدەی پێشکەوتووی بیست و یەکدا !!!** ـ چاپی دوانزەیەم ـ .

## * زنجیرەی بابەتە مەنهەجی‌یەکان :

١٨ ـ یەکەم : **گەڕانەوە بۆ لای زانایانی ئەهلی سوننە پارێزەرە لە تیاچوون و گومڕابوون** ـ چاپی سێیەم ـ .

١٩ ـ دووەم : **لە بناماکانی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە : خۆشویستنی زانایان و بە چاکە باسکردنیانە ...** ـ چاپی دووەم ـ .

٢٠ ـ سێیەم : **زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعەی سەردەم دەڵێن : حزبایەتی بیدعەیە** ـ چاپی دووەم ـ .

٢١ ـ چوارەم : **جەماعەتی (الإخوان المسلمین) لە تەرازووی شەرع و ژیریدا ، هەڵە و لاڕێبوون و گومڕاییەکانی جەماعەتی (الإخوان المسلمین) لە دیدی زانایانی ئەهلی سوننەی سەردەمەوە** ـ چاپی سێیەم ـ .

٢٢ ـ **پشکێك لە میراتەکەی پێغەمبەر (ﷺ)** ـ چاپی حەوتەم ـ .

٢٣ ـ **چل فەرموودەکەی نەووی** ( الأربعون النووية ) ـ چاپی شەشەم ـ .

٢٤ ـ **وەڵامی پرسیارە شەرعی‌یەکانی سایتی بەهەشت** ـ چاپی دووەم ـ .

٢٥ ـ **تەفسیری سورەتی فاتیحە** ـ چاپی پێنجەم ـ .

٢٦ ـ (**وانە گرنگەکان بۆ تێکڕای موسڵمانان / الدروس المهمة لعامة الأمة**) ـ چاپی دەیەم ـ .

٢٧ ـ **وتەی زانایانی مەزهەبی ئیمامی شافعی ڕەحمەتی خوایان لێبێت سەبارەت بە کات و شوێن و شێوازی سەرەخۆشی کردن و پرسە و تەعزێ گێڕان** ـ چاپی چوارەم ـ .

٢٨ ـ **توێشووی بانگخواز بۆ لای خوای گەورە** ـ چاپی سێیەم ـ .

*** لەو بەرهەمانەی تر کە کاریان بۆ دەکەم :**

ـ **قەڵای بیروباوەڕ و یەکخوا پەرستی** ـ وەرگێڕانی چەندین کتێب ـ .

ـ **مەرجەکانی باڵا پۆشی شەرعی ئافرەتی موسڵمان و هەندێك بابەتی پەیوەندیداری تریش** .

ـ **چۆنێتی شۆردن و کفن کردن و نوێژ کردن و ناشتنی مردوو / لەگەڵ ئەحکامەکانی تەعزێ و تەعزێباری لە سەردەمی پێغەمبەردا** (ﷺ) .

ـ **باخچەی پیاوچاکان لە فەرموودەی سەروەری پێغەمبەران** (ﷺ) وەرگێڕانی : (رياضُ الصالحين من حديث سيد المرسلين ﷺ) .

﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ ﴾

﴿ رَبِّ أَعِنِّي وَلاَ تُعِنْ عَلَيَّ ، وَانْصُرْنِي وَلاَ تَنْصُرْ عَلَيَّ ، وَامْكُرْ لِي وَلاَ تَمْكُرْ عَلَيَّ ، وَاهْدِنِي وَيَسِّرْ هُدَايَ إِلَيَّ ، وَانْصُرْنِي عَلَى مَنْ بَغَى عَلَيَّ .. اللَّهُمَّ اجْعَلْنِي لَكَ شَاكِرًا ، لَكَ ذَاكِرًا ، لَكَ رَاهِبًا ، لَكَ مِطْوَاعًا ، إِلَيْكَ مُخْبِتًا أَوْ مُنِيبًا .. رَبِّ تَقَبَّلْ تَوْبَتِي ، وَاغْسِلْ حَوْبَتِي ، وَأَجِبْ دَعْوَتِي ، وَثَبِّتْ حُجَّتِي ، وَاهْدِ قَلْبِي ، وَسَدِّدْ لِسَانِي ، وَاسْلُلْ سَخِيمَةَ قَلْبِي ﴾

## خوێنەری بەڕێز :

بۆ دەستکەوتنی زانیـاری ورد و تـەواو سـەبارەت بـە شـتە پیسـەکان و چۆنێتی پـاك کرنـەوەیان و چـۆنێتی دەسـتنوێژ و غوسـل کـردن و تەیـەموم و جۆرەکـانی خـوێنی ئافرەتان ئەوا ئەم کتێبە بخوێنەرەوە کە بەڕاستی پێویستە لە هەموو ماڵێکدا هەبێت :